The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# هەڵەبجە هیرۆشیما ی كوردستان و ئەنفال هۆلۆكۆستی كوردە

## لە 16-3 دا با هەموو پێكەوە داوا بكەین حكومەتی ئێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی كورد بكات

## پەیامی چاك لە یادی كارەساتەكانی هەڵەبجە و ئەنفالدا

پاش ڕووخانی ڕژێمی عێڕاق و دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بەكۆمەل و گێڕانەوەی ئەو چیرۆكانە لە بەردەم دادگادا، دڕندەیی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ بۆ هەموو جیهان باشتر ئاشكرا بوو. ئەو ڕژێمەی كە چەكی كیمیاوی لە دژی هاولاتیانی سڤیلی كوردستانی بندەستدا بەكار هێنا.

ئەو هێڕشە بێبەزەییانەیەی كە لە 16ی مارسی 1988 دا لە دژی دانیشتوانی سڤیلی كوردی شاری هەڵەبجە ئەنجام درا، ئاكامەكەی زیاتر لە 5000 قوربانی لە ژن و منداڵ و پیر و گەنجی كورد بوو، هەروەها زیاتر لە 10000 بریندار، كە گەلێكیان لە ساڵانی دوای ئەو كارەساتە گیانیان لەدەست دا و كۆمەڵێكیشیان تاكو ئەمڕۆ بە ئازارەكانی ئەو كردەوە نا مرۆڤانەیەوە ژیانێكی پڕ لە ئازار و مەینەتی دەبەنە سەر و تاڕادەیەكی زۆر پشتگوێخراون.

هەر لەو سەروبەندەدا و لە 18-2-1988 ەوە ڕژێمی بەعسی عێڕاقی خەریكی ئەنجامدانی كردەوەیەكی تری كۆمەلكوژی لە دژی گەلی كورد لە باشووری كوردستاندا بوو، كە بە هەموو پێوانەكان، چ لە شێوازی نەخشەكێشان چ لە دەستنیشانكردنی ئەو گرووپەی بەر شاڵاوەكە كەوتن، چ لە ڕووی بەربڵاوی كردەوەكە، چ لە ڕووی جۆر و چۆنیەتی كوشتار و لەناوبردن، جیاوازی نەكردن لە نێوان منداڵ و ژن و پیاو، ژمارەی قوربانیان، زیانە مادی و مرۆییەكانی، دەچێتە ژێر تاوانی ژینۆسایدەوە، وەكو ئاشكرایە ئەو شاڵاوە بە تاوانی ئەنفال ناوی دەركردووە.

لە هێرشی دڕندانەی ئەنفالدا، 182000 مرۆڤی كورد شوێنبزر كران، چەندین شار و شارۆچكە و هەزاران گوند وێران كران، دیارە جگە لە زیانە مادییە لەژمارنەهاتووەكان، گواستنەوەی بەزۆرەملێی دەیان هەزار لە پاشماوەی قوربانیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێكان.

خۆشحاڵانە یادی 19 ساڵەی ژینۆسایدی گەلی كورد، كارەساتەكانی هەڵەبجە و ئەنفال لە كاتێكدا دەكەینەوە كە تەخت و تاجی ئەو ڕژێمە شۆفێنییە دڕندەیە هەڵتەكێندراوە و سەدامی دیكتاتۆر لە سێدارەدرا, هەرچەندە ئێمە دژی شێوە و كاتی لە سێدارەدانەكەین, ئێستا یارمەتیدەرانیشی لە پای تاوانی ئەنفال دادگایی دەكرێن. بەداخەوە جگە لەوەی دەبوایە دادگاكە

دادگایەکی نێونەتەوەیی و بێلایەن بوایە و لە دەستی دەوڵەتی عێراق و نەتەوەی عەرەب دوور بایە، دەبوایە دەستپێکی دادگاییەکە بە هەردوو تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال دەستی پێ بکردایا، کەچی ئەوە بەدی نەهات, سەدامیش سەرۆکی تاوانکاران و هەڵگری نهێنی تاوانەکان، بەشێوەیەک لە سێدارەدرا، دوژمنانیشی ناڕەزاییان لە هەمبەری دەربڕی.

شایانی گوتنە دادگایی فرانس ڤان ئانرات لە وڵاتی هۆڵەند و بە ژینۆسایدناسینی تاوانەکانی دەولەتی ئێراق بەرامبەر بە گەلی کورد لە دادگای شاری لاهای, بوو بە هەنگاوێک بۆ کردنەوەی کۆدی نهێنی تاوانباران و دەستنیشانکردنی تاوانەکە و بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدی گەلی کورد, ئەمەش هانگاوێکی گرنگە بۆ ناسینی ئەو تاوانە لە ئاستی جیهانیدا. دەتوانیین ئەو بڕیارە بەیەکێک لە دەسکەوتە یاساییەکان بۆ گەلی کورد لە چەند ساڵی ڕابردوودا دابنێین. بڕیارەکانی دادگای ئێراقی لەسەر تاوانی ئەنفال و ناسینی بە ژینۆساید، گرنگی دیاری لەڕووی یاسایی و سیاسیەوە دەبێت و دەبێتە بەڵگەنامەیەکی گرنگ بۆ ناسینی ئەنفال وەک ژینۆساید لە ئاستی جیهانیدا, دیارە پێناسی تاوانەکە لە بڕیارەکانی ئەو دادگاییەوە دەبێ بکرێت, گرنگە ئێراق کە تاوانەکەی ئەنجام داوە، خۆی دان بە بوونی تاوانی ژینۆساید بنێت.
ئێمە وەک ناوەندی چاک لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا توانیمان پرسی ژینۆسایدکردنی گەلەکەمان بەرینە ئاستی باڵای نێونەتەوەیی و زۆر چالاکی بۆ بەجیهانکردنی ئەو پرسە ئەنجام بدەین, توانیمان ئەو پرسە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا بگەیەنیینە ناو پەرلەمان و میدیاکان، توانیمان تەنگ بە زۆر لە تاوانباران هەڵچنین و لە هەموو کات و شوێنێک دەنگی تۆڵەی قوربانیان بین و توانیمان گیانی دادی یاسایی لەناو دڵسۆزانی گەلەکەمان برەو پێ بدەین.

ئەمساڵیش لە یادەوەری ئەم یادانەدا, پەیمان بە پاشماوەی قوربانیان و دڵسۆزانی گەلەکەمان دەدەین، کە لەسەر چالاکیەکانمان بەردەوام بین، تاکو هەموو تاوانباران دادگایی نەکرێن، باری ژیانی قوربانیان باشتر نەکرێت و کۆتایی بە کورد کوشتن لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا نەهێنرێت، لە هەوڵ و کۆششەکانمان کۆڵ نەدەین، سڵ لە داگیرکەران و تاوانباران نەکەینەوە و لە داهاتوودا بەردەوام هەواڵی دەسکەوتی زیاتر لە چاکەوە ببیستن. هەروەها پەیمان بە گەلی ستەمدیدەی کوردستان دەدەین، بۆ بەدیهێنان و پاراستنی مافی مرۆڤ لە هەوڵەکانماندا بەردەوام دەبین.

دیارە تا ئێستاش قڕکردن و چەوساندنەوەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەردەوامە, بۆنموونە بەردەوامی چەوساندنەوەی کوردان لە ماکۆ و سەڵماسەوە بۆ مهاباد و سەردەشت و شەمزینان و ئامەد و قامشلوو و عامودا, نەبەخشینی ناسنامەی هاووڵاتی بوون لە ڕۆژئاوای کوردستان بە کوردستانیان و پڕکردنەوەی زیندانەکانیان بە تێکۆشەرانی کورد, ڕەتکردنەوەی ڕژێمی تورکیا لە بانگەوازی ڕۆشنبیرانی کورد و جیهانی بۆ ئاشتی لە باکووری کوردستان، دەستوەردانی تورکیا لە کاروباری باشووری کوردستان, هەروەها بەردەوامی سەرکوتکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بە دڕندەترین شێوە لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا.

له باشووری کوردستانیش سەرباری ڕوخانی ڕژێمی بەعس, جگەلەوەی خواستی بنچینەیی گەلێکی ژینۆسایدکراو بەلاوەنراوە، مەترسی لەسەر چارەنووسی دەستکەوتەکانی گەلی کورد هەن و پێناچێت دواڕۆژی کورد لە ئێراقدا ڕووناک بێت.
پاش 19 ساڵ لە تاوانەکان, هێشتا زۆربەی ویستەکانمان نەهاتوونەتە دی, گەلێک لە تاوانباران ئازادن، ئەو کۆمپانیا چەکسازییانەی یارمەتی ڕژێمی بەعسیان داوە، هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا نەکراوە، قەرەبووی زیانەکان نەکراونەتەوە، هێشتا چارەنووسی بەشی هەرە زۆری ئەنفالکراوەکان نەزانراوە, لایەنێک نییە مشووری هێنانەوەی تەرمەکانییان بخوات، هێشتا چارەنووسی ئەو کچە ئەنفالکراوانەی بە مەلهاکانی وڵاتی میسر و شوێنیتر فرۆشراون یەکلانەکراونەتەوە، هێشتا دەیان داواکاری ڕەوای دیکەی گەلە ژینۆسایدکراوەکەمان نەهاتوونەتە دی. بڕیاری 140 سەبارەت بە کەرکووک لە چاوەڕوانی گۆدۆدایە و وادەی جێبەجێکردنی بەرەو تەواوبوون دەچێت و چارەنوسی ناوچە ئەنفالکراوەکانی ئەو دەڤەرە ڕوون نییە، جگەلەوەی ئەم شارە لەڕووی خزمەتگوزاریەوە بەرەو تراژیدیایەکی تەندروستی و مرۆڤایەتی دەچێت.
ناوەندی هەڵەبجە (چاک)، ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو بە خۆپیشاندان و کۆڕ سمینار و چالاکی هەمەڕەنگ لە زۆر وڵاتی جیهاندا یادی ئەو کارەساتانە و قوربانیان دەکاتەوە, بەتایبەتی سازدانی خۆپیشاندان بۆ بەردەم باڵوێزخانەکانی عێراقی لە دەرەوە لە بەرواری 16-3 دا، دژ بەو ناهەقییانەی بەرامبەر بە دۆزی کیمیابارانی هەڵەبجە لە پرۆسەی دادگایی تاوانباران لە دادگای باڵای ئێراقیدا دەرهەق بە قوربانیان کرا، وە داوادەکەین حکوومەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.

ئەمساڵ ئومێدمان هەیە، بۆ یەکەمجار گۆڤارێکی ئەکادیمی لەسەر کۆمەڵکوژی کورد بە زمانی ئینگلیزی دەربکەین, ئەوە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ناساندنی تاوانەکان بە پسپۆران، رامیاران و مرۆڤدۆستانی جیهانی.
هاوکات چاک بانگەوازی سەرجەم پارت، ڕێکخراو، کۆمەڵەکان و گشت ئەندامانی گەلی کورد لەهەر کوێیەک هەن، بۆ کاری هاوبەش و کۆبوونەوەی هەمووومان لە ژێر جامانەکەی عومەری خاوەر دەکات، بەمەبستی بەرزڕاگرتنی ئەم بۆنە گرنگانە و سەلماندنی یەکگرتویی گەلی کورد، لەپێناوی بەدەست هێنانی داخوازیە کانمان و ڕووبەڕوو بونەوەی هەموو ئەگەرەکان.

داواکاری ئێمە لە یادی 19 ساڵەی ژینۆسایدکردنی گەلی کورددا، لە یادی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفالدا، ئەمانەن:

1. پێویستە تاوانی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکان وەک تاوانی ژینۆساید بناسرێت.
2. هەموو فایلڕەشەکان ئاشکرا بکرێن. سەرجەم هاوکارانی ڕژێمی فاشی بەعس بە کوردەکانیشەوە دادگایی بکرێن، بە هۆی پابەندی حیزبی یان هەر هۆیەکیتر چاوپۆشی لەکەس نەکرێت. بۆ ئەم مەبەستە بەهەموو توانایەکمانەوە دەچینە پشت هاوڕێمان مستەفای حەسەن گەورە و هەموو قوربانیەکی تر کە بیەوێت سکاڵای خۆی لەسەر ئەنفالچی و سیخوڕەکان پێشکەش بە دادگا بکات.

3. 16-3 بە ڕۆژی دژایەتیکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا بناسرێت, چونکە هێرشی کیمیاوی بۆسەر هەڵەبجە گەورەترین هێرشی کیمیاویە دژ بە خەڵکی سڤیل لە سەردەمی نوێدا.
4. 16-3 بکرێت بە ڕۆژی ماتەمینی گشتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا , پێویستە هەوڵبدەین لە ئاستی نەتەوەیی و کوردستانی یادی سەرانسەری بکەینەوە.
5. داواکارین دەسەڵاتدارانی کورد خانووە ڕوخاوەکەی "عومەرخاوەر" لە شاری هەڵەبجەدا بکەن بە مۆزەخانە .
6. داواکارین بۆ یاداوەری 20 ساڵەی هەڵەبجە و ئەنفال ( هەڵەبجە- ئەنفالی 20) , درووستکردنی مۆزەخانەی هەڵەبجە و ئەنفال کۆتایی پێ هاتبێت , هیوادارین لە ئێستاوە هەنگاو بۆ دروستکردنی بنرێت .
7. داواکارین هەموو ئەوانەی لە بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی لە وزارەتی پیشەسازی سەربازی بەرپرسن، وەک تاوانکاری سەرەکی ڕابکێشرێنە دادگا, بۆنمونە کەسانی وەکو عامر ڕەشید بەرپرسی بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی لە وزارەتی پیشەسازی سەربازی ، کە بەداخەوە لە لایەن ئەمەریکاییەکانەوە ئازادکرا.
8. پێویستە حکومەتی کوردستان جودایی لەنێوان قوربانیی سڤیل و پارتە سیاسییەکاندا نەکات.
9. پێویستە حکومەتی کوردستان گرنگی بە ژیانی پاشماوەی قوربانیان ( ئەنفال, هەڵەبجە, کیمیاباران, فەیلی, بارزانی, قەڵادزێ, زیندانیان, ئیعدامکراوان, ڕاگوازراوان هتد. بدات و بۆنمونە پێویستە:
   - حکومەتی کوردستان یارمەتی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی پێویست بۆ هەموو بێوەژن، پیر و پەکەوتەکانی ژینۆساید و کیمیاباران و قوربانیانی دی مسۆگەر بکات.
   - حکومەتی کوردستان یارمەتی، چاودێری و خەرجی پەروەردە و خوێندنی منداڵانی خێزانە ئەنفالکراوەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی.
   - پێویستە حکومەتی کوردستان بۆ دروستکردنەوەی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ خێزانە قوربانییەکان هەرچی لەتوانایدایە بیخاتە گەڕ و گوزەرانیان باش بکات.
   - حکومەتی هەرێمی کوردستان میتۆدی گونجاو بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکانی کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە لەسەر قوربانیاندا بگرێتەبەر.

10. حکومەتی ئێراقی 16-3 وەک ڕۆژی هەڵەبجە، 14-4 وەک ڕۆژی ئەنفال بە فەرمی بناسێت و داوای لێبوردن لە گەلی کورد بەفەرمی بکات, پێویستە ئەو تاوانانە لە پاڵ کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لە دەستووردا وەک کردەی ژینۆساید بچەسپێت. هەروەها تاوانی پاکتاوی فەیلییەکان و بەعەرەبکردنی ئێزیدیەکان و بەعەرەبکردن بەگشتی و ڕاگواستن لە دەستوردا لە ژێر پەرەگرافی تایبەتدا وەکو تاوان بناسێندرین و حکومەتی ئێراقی پەیمانی دووبارە نەبوونەوەیان لە داهاتوودا مۆر بکات.
11. حکومەتی ئێراقی قەرەبووی زیانی قوربانیانی کۆکوژی و بەعەرەبکردنی گەلی کورد بکاتەوە.
12. گوشار خستنەسەر ئەو وڵاتانەی کە تاوانبارانیان شاردۆتەوە، بەمەبەستی پەلکێشکردنیان بۆ دادگا لە ناوەوە و دەرەوەی ئێراقدا.

13. پێویستە ڕەوەندی کوردی لە دۆزینەوەی تاوانباران و لە دەستنیشان کردنیان هوشیار بێت و هاوکاری چاک لە بە دادگایی گەیاندنیاندا بکەن, بەتایبەتی دۆزینەوەی تاوانبار نزار خەزرەجی کە یەکێکە لە تاوانکارە سەرەکیەکانی ژینۆسایدی ئەنفال و هەڵەبجە و کیمیاباران، گرنگی سەرەکی هەیە.

14. پێویستە وەفیق سامەڕائی و حەجاج و هەموو ئەو تاوانبارانەی لە دۆسیەی ئەنفالدا ناویان هاتووە و لە لایەن چاکەوە بە فەرمی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، لە دادگای باڵای تاوانەکان, وەک تاوانبار ڕابکێشرێنە دادگا و کێشەکانیان لە دادگادا یەکلابکرێنەوە.

15. پێویستە ئەو کۆمپانیا چەکسازییانەی چەکی کیمیاویان بە بەعس فرۆشتووە، قەرەبووی زیانەکان بکەنەوە, داوا لە هەموو لایەکی بەرپرس یان ئاگادار دەکەین، هەر نهێنییەک لەو بوارەدا هەبێت بۆ بیروڕای کوردی و جیهانی ئاشکرای بکەن.

16. پێویستە هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەنفالکراو و بێ سەروشوێنکراوەکان و هێنانەوەی پاشماوەی تەرمەکانیان بۆ کوردستان و دیاریکردنی ناوچەیەک نزیک لە قورسایی جوگرافیای تاوانەکە بۆ ناشتنیان، هەر لەو شوێنەدا دروستکردنی مەنومێنتی کارەساتی ئەنفال, ئێمە بان مەقانی کەرکووک بە باشترین و لەبارترین جێگە دەزانین.

17. دەبێ حکومەتی ئێراق داوای لێبوردن لە قوربانیانی خۆرهەڵاتی کوردستان بکات، دان بەو تاوانانە بنێت و قەرەبووی زیان لێکەوتووانی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژییەکانی بەعس لە ناوچە بەرکەوتووەکانی خۆرهەڵاتی کوردستاندا بگرێتە ئەستۆ.

18. پێویستە حکومەتی کوردستان داوای لێبوردن لە قوربانیان بکات و قەرەبووی 18 ساڵ پشتگوێخستنیان بکاتەوە.

19. دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان تاکە چارەسەری ڕەوا و لۆژیکیانەیە بۆ پێشگرتن بە تاوانی ژینۆساید و کۆمەڵکوژی دیکە دژ بە گەلی کورد. هێنانەدی ئەوەش لە ڕێگای ئەنجامدانی گشتپرسییەکی سەربەخۆ و لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەگونجاو دەبینین، لێرەوە داوا دەکەین نەتەوەیەکگرتووەکان و دەسەڵاتدارانی جیهانی ئەو داخوازییە ڕەوایەی گەلی کورد بەهەند هەڵگرن و هەنگاوی گونجاوی پراکتیکیانە لەوبارەیەوە بنێن.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد (چاک)**

2007-01-22